**پرسیار:**
**وەڵامی گونجاو، بۆ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە دابنێ:**
١- میر شەرەفخان لە ساڵی ١٥٣٤ لەلایەن................ کوژرا.
٢- والی حەلەب بەناوی .............. لە بەرگری ئەردەلانەکان کوژرا.
٣- بەبیانووی پیرۆزبایی نەکردنی گرتنی بەغدا، میر.......... لەلایەن سوڵتان موورادی چوارەم بەند کرا.
٤- میر پیربۆداق بە دامەزرێنەری یەکەمی ............ دادەنرێت .
٥- میر ............. ئامادە نەبوو شەڕی ئەفغانەکان بکات.

**نیشانەی (ڕاست)، یاخود (چەوت) لە بەردەم ئەمانەی خوارەوە دابنێ:**
١- سەردەمی عەبدولڕەحمان پاشای بابان کە بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ بەشێوەیەکی پچڕپچڕ درێژەی کێشاوە، بە سەردەمی دەرکەوتن و فراوانبوونی میرنشینی بابان دەناسرێت.
٢- لەسەردەمی حەسەن پاشای والی بەغدا، باشووری کوردستان و ماردین و نوسێبین لە ڕووی کارگێڕییەوە بوونە بەشێک لە ویلایەتی بەغدا.
٣- بێگەبێگ، یەکێک بوو لە میرە هەرە بەهێزەکانی میرنشینی ئەردەلان، هاوسەردەمی سوڵتان سەلیمی سێیەم بوو.
٤- میرنشینی موکس لە باشووری دەریاچەی وان بوو.
٥- سەفەوییەکان ناسناوی "میری میران"یان بەخشیە خەلیل بەگ کە یەکێک بوو لە میرەکانی زەنگەنە.

**پرسیار: هۆکاری ئەمانەی خوارەوە بە خاڵ دیاری بکە:**
١- لە سێدارەدانی عزەدین شێر لەلایەن سوڵتان سلێمانی قانوونیەوە.
٢- رازی بوونی میرانی کورد بە دەسەڵاتی عوسمانییەکان.
٣- شەڕی چاڵدێران کاریگەری بەسەر کوردستانەوە بەجێهێشت.
٤- سەردەمی خان ئەحمەد خان کوڕی هەڵۆخان لە میرنشینی ئەردەلان بە سەردەمێکی گرنگ دادەنرێت.
٥- دوای شەڕ چاڵدێران، سیاسەتی سەفەوییەکان بەرانبەر میرنیشینە کوردییەکان گۆڕا.

**پرسیار: چی لەبارەی ئەمانەی خوارەوە دەزانی ؟**
١- میرنشینی داسنی ٢- قۆچ حەسار ٣ - سەلیم بەگ
٤ - زاهید بەگ ٥- خاڵەکانی ڕێککەوتننامەی کوردی-عوسمانی

**پرسیار: ئەحمەدی خانی(١٦٥٠ - ١٧٠٧) لە پارچە شیعرێکیدا لەبارەی ناکۆکی نێوخۆیی میرنشینە کوردییەکان، دەڵێ:**

| | |
|---|---|
| **لەو پێگڤە هەمیشە بێ تفاقن** | **دائم بە تمرد و شقاقن** |
| **گەردی هەبوایە مە اتفاقەک** | **ڤێکرا بکرا مە انقیادەک** |
| **رۆم و عەرەب و عەجەم تماهی** | **هەمیا ژمەڕا دەکر غولامی** |

**چۆن ئەم پارچە شیعرە هەڵدەسەنگێنی، لەو سۆنگەیەوە لە وتارێکدا ناکۆکیی و ململانێی میرنشینە کوردییەکان و کاریگەرییەکانی ڕوونبکەرەوە.**

**پرسیار: ئەمانەی خوارەوە بناسێنە:**
١- پازۆکی ٢- قەرەخان ٣- قۆچ حەسار ٤- میری میران ٥- سورخابی کوڕی مەئموون بەگ

**پرسیار: وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە:**
یەکەم: شێوەکانی لابردن و دانانی میرانی میرنشیینە کوردییەکان لەلایەن عوسمانییەکان بژمێر و بە نمونە ڕوونیان بکەرەوە.
**دووەم:** ململانێی ناوخۆیی میرنشینی بابان.

**پرسیار: هۆکارەکانی ئەمانەی خوارەوە بنووسە:**

یەکەم: ئامانجی شائیسماعل لە داگیرکردنی کوردستان.

دووەم: دروستبوونی سیستەمی دووەمی میرنشینی لە کوردستان.

سێیەم: ڕای جیاواز لەبارەی سەرەتای دروستبوون میرنشینی ئەردەلان.

**پرسیار:** وتارێکی مێژوویی لەبارەی "ڕێککەوتننامەی کوردی- عوسمانی" بنووسە، لەگەڵ هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵ و کارەکانی مەلا ئیدرسی بەدلیسی.